

یەکێکـــە لە چەکە هێرشـــبەرەکان کە راهێنەری یانەی مانچســـتەر سیتی مـــارك هیـــوز هێنانە ریـــزی یانەکەی بتوانێ بەرەنگاری یانە زلهێزەکان ببێتەوە ئەویش ئەرژەنتینـــی کارلۆس تێڤێزە کە یانەی شەیتانە سوورەکانی جێهێشت و بۆ ماوەی (٥) ساڵ بۆندێکی لەگەڵ یانە نوێیەکەی مۆرکرد ئەمەو رۆیشتنی ئەم یاریزانە لە یانەی مان یۆنایتد چاوەڕوان نەکرابوو گۆڤاری ســـوپەری وەرزشـــی توانـــی خۆی بگەیەنێتە ئـــەو یاریزانە و ئەم دیمانەی لەگەڵدا سازدا و ئێمە لای خۆمان بڵاوی دەکەینەوە.

## تێـــڤێز:

# مان یونایتد حەزی لە مانەوەی من نەبوو فێرگسۆنیش درۆزنە

*** ئایـــا نیگەران نەبوویت کە یانەی مان یۆنایتدت جێهێشت؟**

- نەخێـــر نیگەران نەبـــووم لەبەر ئەوەی هەڵســـوکەوتی بەرپرســـانی ئـــەم یانەیـــە سەردەمیانە نەبوو لەگەڵ من.

*** ئەم قسەیەت لەگەڵ کێیە؟**

- ئەلێکس فێرگســـۆن منی پشت گوێ خســـتبوو گرنگی بە مانەوەی من نەدا لەو یانەیە.

*** چۆن؟**

- لێدوانەکانـــی فێرگســـۆن لای مـــن چاوەڕوان نەکراو بوو کە باســـی لەوەکردبوو کە قســـەی لەگەڵ من کردبـــوو کە رازییم بکات بمێنمەوە ئەمەش لە راســـتی دوورە و درۆ دەکات و پەیوەنـــدی پێوە نەکردووم، تا نامەشی بۆ نەناردووم، جارێکیان پەیوەندی پێوە کردم ئەوەیش بۆ ئەوە بوو کە داوا کرابووم بۆ ریزی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین و بەشداری لە پاڵاوتنی یارییەکانی مۆندیال بکەم.

*** هەڵســـوکەوتی فێرگســـۆن چـــۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

- نامـــەوێ تۆمەتباری بکـــەم، بەڵام خۆشـــحاڵ نەبوو بـــە مانەوەم ســـەرەڕای ئـــەوەی دوو وەرز یارییم بۆیان کرد و چەند پاڵەوانیەتیـــم بۆ بە دەســـتهێنان لە لایەکی دیکـــەوە هەڵســـوکەوتی (دێڤیـــد جیل)ی بەڕێوەبەری یانەکە وەکو پێویست نەبوو.

*** مان یۆنایتد تۆ و کریستیانۆ رۆناڵدۆی لە دەســـتدا، چۆن دەڕوانیتە دوا رۆژی ئەم یانەیە؟**

- ئاواتم زۆر بوو لە یانەی مان یۆنایتد، بەڵام خۆشحاڵیش نیم سەبارەت بە رۆناڵدۆش دەبوایە ئەمە رووبدات چونکە رۆناڵدۆ تووشی زۆر کێشـــە و گرفت بوو ســـەرەڕای ئاست بەرزی لەو یانەیە و رۆڵێکی گرنگی هەبوو لە دەســـتکەوتەکانی، هیوادارم مانچستەر یۆنایتد بتوانێ ئەو شوێنانە پڕبکاتەوە لەبەر ئـــەوەی جەماوەرەکەی شایســـتەی هەموو شتێکن و رۆڵێکی ســـەرەکیان لە هاوکاری کردن و پاڵپشـــتی یانەکە هەیـــە و خۆیان بەخش دەکەن.

*** دەکـــرێ بزانین بە هاتنـــی ئیمانویل ئەدیبایۆر بۆ مانچســـتەر سیتی خۆشحاڵ بوویت؟**

- بە تەئکید، ئەدیبایۆر یەکێکە لە یاریزانە هەرە باشەکانی جیهان و گۆڵکارێکی مەزنە کێشی خۆی دەبێ لە یانەکە.

*** ئەی جۆن تێری؟**

- ئەستێرەیەکی گەورەیە و پێویستمان بە خزمەتەکەی هەیە و گەر هاتوو پەیوەندی بە ئێمەوە بکات ئەمە شتێکی خۆشحاڵە.

*** ئایـــا هەلی ئەوەت بۆ رەخســـاوە کە راهێنـــەر مارك هیـــوز وەکـــو یاریزانێکی سەرەکی یاریت پێ بکات؟**

- مارك هیوز یاریزانێکی گەورە و لێهاتوو بـــوو و نرخی یاریزانی بـــە توانا دەزانێ و سەیری هەڵســـوکەوتی پێشتر ناکات، ئاواتم ئەوەیە لە مانچستەر سیتی بتوانم ئاستێکی باش نیشان بدەم و ببینە یەکێك لە باڵەکانی چوار یانە بەهێزەکەی خولی ئینگڵتەرە.

*** هاتنی ئەم ژمارە زۆرە لە ئەستێرەکان زیانی بۆ یانەکە نابێت؟**

- راهێنەری سەرکەوتوو دەتوانێ مامەڵە لەگەڵ زۆری ئەســـتێرەکان بکات و مارك هیـــوزش پیاوی ئەم قۆناغەیـــە و دەتوانی هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەم دیاردەیەیی یانەی



وەرزش
گۆڵان
ژمارە (٧٤٧)
٢٠٠٩/٨/٣١
٦٠

مانچستەر سیتی بکات.

*** کێشەی خولی ئینگلیزی ئەوەیە کە رکابەری تەنیا لە نێو چوار یانە زلهێزەکەیە، ئایا مانچستەر سیتی لە توانایی هەیە نەخشەی ئەم چوار یانەیە بگۆڕێ؟**

- بەڵێ، بەڵام هەندێ کاتمان پێویستە، ماوەی دوو وەرزە یانەی بۆڵتۆن دەیەوێ ئەم نەخشەیە بگۆڕێ، بەڵام کەمی داهات بوویتە بەربەست، بەڵام مانچستەر سیتی لە توانای هەیە بیگۆڕێ.

*** پێشبینیەکانی مانچستەر سیتی لە خولی ئەمساڵ چییە؟**

- رکابەری کردن لەسەر نازناوی وەرزی ئەمساڵ وەرگرتنی یەکێك لە پلیتە گرنگەکان کە بتوانێ بەشداری لە خولەکانی ئەورووپا بکات.




## لەگەڵ ڕێز و سڵاوی بیلیە



سەرەڕای ئەوەی وتووێژەکان گرژییەکان بەخۆوە بینی لەکاتی کۆبوونەوەی لوتکەی سەرۆکەکانی ئەفریقیا و ئەمەریکای باشوور کە بەفەرمی لە نێجیریا ئەنجامدرا، وەرزش لەو کۆبوونەوەیە بە توندی هاتە گۆڕەپان و لە دیدارێکی سەرۆکی نێجیریا ئۆمارۆ یارادۆ و بەرازیلی لولا دا سیڵفا باسیان لە وەرزش و خۆشەویستی خۆیان بۆ تۆپی پێی نیشاندا لەبەر ئەوەی یاریزانان هەردوو وڵات داهاتێکی یەکجار باشی بۆ وڵاتەکانیان دابین دەکەن، ئەمەو سەرۆکی بەرازیل دا سێلڤا لە تۆپێکی تۆپی پێی بە نرخ بکاتە دیاری بۆ سەرۆکی نایجیری کە واژووی ئەفسانەی بەناوبانگی بەرازیلی بیلیای لەسەر نەخشکراوە و تیاییدا داوای ژیانێکی بەختەوەر بۆ سەرۆکی نایجیریا دەکات.




## تۆتی و ژمارە (١٧٨)

تۆتی تەنیا پاشای یانەی رۆما نییە و بەڵکو هێمایيەکی پڕشەنگداری پایتەختی ئیتاڵیایە بۆیە جانی ئەلیانۆ بەڕێوەبەری شارەوانی رۆما بە پێویستی زانی خودی خۆی بەشداری لە نوێکردنەوەی بۆندی تۆتی بکات کە بڕیاریدا درێسی ژمارە (١٧٨) بکاتە دیاری بۆ تۆتی کە ژمارەی گۆڵەکانی یاریزانی ناوبڕاو لە یانەی رۆمایە، جێگەی باسە تۆتی بۆندەکەی خۆی تاکۆتایی ژیانی وەرزشی وەکو یاریزان لە یانەی رۆما نوێکردەوە.

## دوو بۆندی لە یانەکانی میسر بۆهاتەوە

# ڕۆژگار زرار یاریزانی پیشەگری کورد لە نەمسا

# گەر بگەڕێمەوە بە دڵنیاییەوە یانەی هەولێر هەڵدەبژێرم



*زۆرن ئەو یاریزانانەی کە لە دەرەوەی کوردســـتان لە یانەکانی ئەوروپا یاری دەکەن، یەکێك لەو یاریزانانە ڕۆژگار زرارە کە لە ســـاڵی ١٩٩٠ لە شـــاری هەولێر لە دایك بووە، ســـەرەتا لە قوتابخانە دەستی بە یاری تۆپی پێی کردووە پاشان بانگهێشتی تیپی لاوانی یانەی هەولێر کرا کە لەم تیپە بە باشـــترین یاریزانی لاو دەست نیشان کرا لەم کاتدا، پاشان بانگهێشتی هەڵبژاردەی لاوانی کوردســـتان کرا، دواتر لە تیپی دووەمی یانەی هەولێر یاری کرد، پاشان ڕووی کردە وڵاتی نەمسا لەم وڵاتە ڕۆژگار توانی خۆی بسلمێنی و ئاستێکی زۆر باش نیشان بدا، لەم ماوەیدا دوو بۆندی لە یانەکانی میسر و ٣ بۆندی لە یانەکانی نەمسا بۆهاتووە، ڕۆژگار زرار دەربارەی گەیشـــتنی بەم ئاســـتە دەڵێ: ( زۆر سوپاسی باوکی بەڕێزم دەکەم کە زۆر لەگەڵم ماندوو بووە تا گەیشتەمە ئەم ئاستی ئێستا زۆرجاریش هەر خۆی مەشقی بە من داوە،سوپاســـی دەستی کارگێری یانەی وەرزشی هەولێر دەکەم کە لە دەست پێکی وەرزشیم یارمەتی داوم).*

***بە مەبەســـتی زانینی دواین هەواڵی ئەم یاریزانە کە بەسەردان گەڕایەوە شاری هەولێر ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ ئەنجامدا.***

*** ســـەرەتا گەیشـــتیە وڵاتی نەمسا چۆن دەستت بە وەرزش کردەوە؟**

- سەرەتا یاریم لەگەڵ یانەیەکی پلەی پێنجەمی نەمسا کرد لەم یانەیە ئاستێکی زۆر باشم نیشـــاندا کە توانیم لەم وەرزە (٢٠) گۆڵ تۆمار بکەم.

*** لەگـــەڵ چ یانەیەکـــی نەمســـا یاری دەکەیت؟**

- من بۆندم لەگـــەڵ یانەیەکی پلە یەکەی نەمســـا بۆ تیپی لاوان مۆرکردبـــوو لەم یانەیە فێری زۆر شـــت بووم و توانیم ئاستێکی زۆر باش لەگەڵیان نیشان بدەم، ئێستا یانەی ناوبراو داوای (٥٠) هـــەزار یـــۆرۆ دەکات بۆ ئەوەی دەستبەرداری من بێت لە وەرزی داهاتوو.

*** دوای ئەوەی وەرزی ئەمساڵ لە خولەکان تەواو بوو، هیچ بۆندێکت بۆ هاتووە؟**

- بەڵی، تا ئێستا (٣) بۆندم لە یانەکانی پلەی دووەی نەمسام بۆ هاتووە کە یەکێکیان نزیکەی (٣٠) هـــەزار یۆرۆی پێشـــکەش بـــە یانەکەم کردووە، لەگەڵ دوو بۆندم لە یانەکانی میســـر بۆهاتووە، یانەکانیش هەریەکە لە ئیســـماعیلی و قەنات ســـویس بۆ هاتـــووە ئەم دوو بۆندە میســـرە زۆر گران بەهان لەم چەند ڕۆژی داهاتووە هەموو شتێك بە دیار دەکەوێت.

*** بانگهێشـــتی هەڵبژاردەکانی نەمسا نەکراوی تا ئێستا؟**

- ئەوەی ڕاستی بێت من تا ئێستا لە نەمسا ڕەگەزنامەم وەرنەگرتووە، بۆیە بانگهیشتی هیچ هەڵبژاردەیەك نەکراوم هەرچەندە لەسەر ئەم مســـەلەیە قســـەیان کردبوو، نەبوونی ڕەگەزنامـــە بووە ڕێگـــر لەبەردەمم، ئەگەر بانگهێشتی هەڵبژاردەی نەمساش کرام ئەوە ڕاستەوخۆ بریار نادەم بەڵکو بریاری کۆتایی بۆ شارەکەم و وڵاتەکەم دەگەڕێنمەوە.

*** چۆن مامەڵەت لەگەڵ دەکەن؟**

- بەشێوەیەکی زۆر باش مامەڵەم لەگەڵ دەکـــەن بە تایبەتی لە یانەکەم و ئێســـتا لە نەمسا هاندەری تایبەتی خۆم هەیە کە تەنیا بۆ بینینی من ئامـــادەی یارییەکان دەبەن، زۆر هانـــم دەدەن لە یارییـــەکان کە ناویان و چەندیـــن نازناویان لەمن نـــاوە یەکێك لەو نازناوانە (میسی کوردستان).

ڕێبین ڕەمزی - هەولێر
rebin1985@yahoo.com

*** رات چییە بەرامبەر یانەی هەولێر؟**

- بەراستی یانەیەکی زۆر باشە من وەکو خەڵکێکی ئەم شارە زۆر شانازی پێوە دەکەم.

*** ئەگەر بانگهێشتی هەڵبژاردەی کوردستان و عێراق کرای یارییان بۆ دەکەی؟**

-بەڵی بە شانازییەوە یارییان بۆ دەکەم و سەر بەرزیش دەبم پێی.

*** ئەگەر گەڕایەوە کوردستان یاری بۆ کام یانە دەکەی؟**

- بەدڵنیاییەوە یانەی هەولێر هەڵدەبژێرم چونکە لەوێ پەروەردە کراوم و هەر لەویش کۆتایی بە ژیانی وەرزشیم دێنم.

لە کۆتایی قسەکانیدا رۆژگار گوتی: ئاواتم ئەوەیە رۆژێك لە رۆژان دریسی هەڵبژاردەی عێراق و کوردستان لەبەر بکەم و خزمەتی یانەی هەولێر بکەم و بتوانم لە یەکێك لە یانە گەورەکانی ئەوروپا یاری بکەم.





## شنایدەر
## ریال مەدریدی تۆپ باران کرد

دوای ئەوەی یاریزانی هێڵی ناوەراستی یانەی ریال مەدرید و هەڵبژاردەی هۆڵەندا ویسلی شنایدەر بە فەرمی چووە ریزی یانەی ئەنتەر میلانی ئیتاڵی، یاریزانی ناوباراو لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ رۆژنامەی مارکای بەناوبانگ هێرشێکی توندی کردە سەر یانەی ریال مەدرید و گوتی: زۆر بە خراپی مامەڵەیان لەگەڵ من دەکرد، راهێنەری یانەی ریال مەدرید راگەیاند کەوا پێویستی بە من هەیە کەچی لە راستیدا شتێکی تر روویدا وا دیارە کەسانێك هەن حەز ناکەن من لە یانەی مەدرید یاری بکەم.

دەرباری ئەوەی گر هاتوو هەردوو یانەی ریال مەدرید و ئەنتەر میلان رووبەرووی یەکتر بوونەوە، شنایدەر لەمبارەیەوە دەڵێ: من بیر لەم شتە ناکەمەوە، بەڵام گەر هاتوو گۆڵێکم لە یانەی مەدرید تۆمار کرد ئەوە خۆشحاڵی خۆم دەرنابرم.



## فێرگسۆن:
## زەحمەتە شوێنی رۆناڵدۆ پڕ بکرێتەوە

لە کاتی دەستپێکردنی خولی یانە پلە نایابەکانی ئینگلتەرە لە تۆپی پێی راهێنەری بەناوبانگی ئۆسکۆتلەندی و یانەی مانچستەر یۆنایتەدی ئینگلیزی کە نازناوی پارساڵی بردەوە لە لێدوانێکدا گوتی: یانەی چێلسی لە وەرزی ئەمساڵ هەڕەشە کەری یەکەم دەبێت کە رووبەرووی یانەکەمان دەبێتەوە سەرەڕای ئەوەی یانەی لیڤەرپوول پارساڵ بە جیاوازی چوارخاڵ بە پلەی دووەم هات فێرگسۆن تەئکیدی لەوەش کردەوە کە ناتوانین شوێنی رۆناڵدۆ پڕ بکەینەوە چونکە بەرای من باشترین یاریزانی جیهانە و خاوەن بەهرەیەکی پڕشەنگدارە و زۆر زەحمەتیشە یەکێك هەبێ شوێنی ئەو بگرێتەوە.

دارا محەمەد حەبیب یاریزانی هەڵبژاردەی عێراق ویانەی جەوییە

# تا ئێستا لە هەڵبژاردەی عێراق هەلم بۆ نەڕەخساوە خۆم بسەلمێنم



**دارا یەکێک لە یاریزانە بە تواناکانی هەڵبژاردەی عێراق وپێشوی یانەی سلێمانی لە دایك بووی ساڵی ١٩٨٧ی شاری کەرکووکە خاوەن ئاستێکی بەرزە لە یاری کردن لە هێلی بەرگری پێشتریش بۆ یانەکانی (حەمرین،برایەتی،سلێمانی،ئازادی،هەولێر،سەورە)ئێستاش لەریزی یانەی قوە جەوییەی شاری بەغدا یاری دەکات وئێمەش لە نزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی سازکرد.**

دیمانە: کارزان کانەبی



گوڵان
ژمارە (٧٤٧)
٢٠٠٩/٨/٣١



*** بۆچی ئاستی یانەی سلێمانی وەکو پێویست نەبوو لە هەردوو خولی نایابی کوردستان وعێراق؟**

- لە راستی کۆمەلێك هۆکاری لە پشت بوو وەکو یاریزانان، دەستەی ئیدارەش بوو کە نەیانتوانی تیپێکی بەهێز دروست بکەن بۆ هەردوو خول، بە ١١تا١٢ یاریزان دووخول ناچێت بە رێوە ئەوە بوو یاریزانان تووشی ماندووبونێکی زۆر بوون نەیتوانی ئاستێکی باش پێشکەش بکەن لە هەردوو خول.

*** ئەی هۆکاری چی بوو هەڵبژاردەی عێراقی لە جامی کێشوەرەکان نەیتوانی سەرکەوێت بۆ قۆناغی دووەم ؟**

- لە راستی ئاستمان باش بوو بەلام تیروپشکەکە لەبەرژەوەندی هەڵبژاردەی عێراق نەبوو ئەوەش یاری تۆپی پێیە بتەوێ یان نا هەموو شتێك روودەدات بەلام ئەگەر یەکەم یاریمان لەگەڵ هەڵبژاردەی نیوزلەندا بووایە سەردەکەوتین .

*** ئاستی وەرزشی کوردستان چۆن دەبینی بەگشتی؟**

- بەراستی ئەم دووساڵە بەرای من ئەوە بەرەو پێش چونێکی باشی بە خۆیەوە بینیوە هیوادرام هەر لە بەرەوە پێش چوون دابێت یەکێتی تۆپی پێ کوردستان کاری باشی کردوە

*** لە میدیاکان وشەقامی وەرزشی عێراقی زۆرباسی کێشەکانی ناو هەڵبژاردەی عێراقی دەکرێت هۆکاری کێشەکان چیە؟**

- هیچ هەڵبژاردەیەك نییە لە جیهان کێشەی نەبێت لە ناوخۆی بەلام کێشە تا کێشە جیاوازە زۆربەی میدیاکانی عێراقی دەیانگوت کێشەی هەڵبژاردەی عێراق لەسەر نیشانەی کاپتنە بەلام ئەم سەفەرەمان لەسەر کێشەی کاپتن نەبوو بەڵکو لەسەر دانیشتن بوو لەسەر کورسی یەدەگ یاریزان هەبوو قبوڵی نەدەکرد لەسەر کورسی یەدەگ دابنیشێت یاریزانەکان دەیانگوت ئێمە یاریزانی لاوین یاریزانی بەتوانایین ئێمە هەڵبژاردەی عێراقمان گەیاندۆتە ئەوە رۆژە.

*** بەرای تۆ کاپتن بۆرا غەدرێك نەبوو لە تۆی کرد کە لەهیچ یارییەك یاری پێ نەکردی؟**

- ئەوە دەمێنێتەوە بۆ رای ئەو کە راهێنەرە زۆربەی یاریزانان یاریمان نەکرد لەم پالەوانەتیە بەلام تائێستا لە هەڵبژاردەی عێراقی هەلم بۆ نەرەخساوە تاکو خۆم بسەلمێنم بەلام دڵنیام کە ئەم فرسەتەم بۆ دەرەخسێ کە بۆشم رەخسا هەوڵدەدەم خۆم بسەلمێنم، راستە من خەم دەخۆم کەیاری ناکەم بەلام ئەوەی لە شوێنی من یاری دەکات ئاستی بەرزە

*** هیچ بۆندێکت لە دەرەوەی عێراق بۆ هاتوە ؟**

- تەنیا لە جەزیرەی ئیماراتی بۆم هاتووە ئەویش لەبەر ئەوەی پارەکەی وەکو خولی عێراقی بوو بۆیە نەچوومە ریزی ئەوە یانەیە

*** ئەی لە یانەکانی عێراقی ؟**

- لە یانەکانی جەوییە، زەورا، شورتە،ئەمانە،پێرس بۆم هاتبوو

*** بۆچی دوای یەك ساڵ لە یانەی هەولێر ریزی یانەکەت جێهێشت؟**

- کێشەی من لە یانەی هەولێر لەگەڵ ئیدارەی یانەی هەولێر نەبوو بەڵکو لەگەڵ راهێنەر ئەکرەم سەلمان بوو،سەرۆکی یانەی هەولێر تەواو ی یانەکە هیچ کێشەیان لەگەڵ من نەبوو.

***زۆرجار دەتگوت یانەی سلێمانی جێ دەهێلم بەلام دوای وا دەرنەدەچوو؟**

- کاتێ من و هەڵگورد یاریمان بۆ

یانەی سلێمانی دەکرد بەم پارە کەمە هیچ یاریزانێکی هەڵبژاردەی عێراقی بەم پارەیە یاری نەدەکرد، بەڵام ئەمساڵ ریزی ئەم یانەیەم جێهێشت.

*** وەکو یاریزانێکی کورد تاچەند لەگەڵ هێنانی یاریزانی عەرەبی بۆ یانە کوردییەکان؟**

- یانەکان بە ئیجباری دەبێت یاریزان بهێنن دەبینێت یاریزانە کوردەکان خێریان تێدانیە بۆیە یاریزان دەهێنن، ئێمە یاریزانی کوردی زۆر بەتوانامان هەیە بەڵام گرنگی بە خۆیان نادەن بۆیە یانەکان یاریزانی دەرەوە دەهێنن

*** بەرای تۆ راهێنەری ناوخۆ باشترە یان دەرەوەی کوردستان ؟**

- ئێمە راهێنەری باشمان هەیە بەڵام هەلی باشی نادەنی یەك یاری بدۆڕێ پێی دەڵێن خوات لەگەڵ پێویستە هەلی زۆری پێ بدرێت.

*** بۆچی ئەم جارە لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراقی بەشدار نەبویت لە پالەوانیەتی ڤیڤا؟**

- من لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق بووم لە جامی کیشوەرەکان بۆیە نەمتوانی بەشداربم، من هەردەم لە خزمەتی هەڵبژاردەی کوردستان دام چونکە من کوردم.

*** پەیامت چیە بۆهاندەرانی خۆت ئەوانەی کە دارایان خۆش دەوێ ؟**

- هیوادرام ئەمساڵ بتوانم ئاستێکی بەرز پیشکەش بکەم و دڵی هاندەرانی خۆم خۆش بکەم

*** چۆن بەرەو یانەی جەوییەی رۆیشتیت؟**

- بەڕاستی یانەی جەوییە بۆندێکی باشی پێشکەش کردم ویانەی جەویە یانەیەکی بەهێزو بەناو بانگە لە عێراق بۆیە ئەم یانەیەم هەڵبژاردو ئێستاش لەگەڵ ئەم یانەیە بەردەوامم وبری بۆندەکەشم ٧٥ملیۆن دینارە

*** لەکۆتایی چیت ماوە بۆگۆڤاری گوڵان؟**

- دەمەوێ سوپاسی گۆڤاری گوڵانی ئازیز بکەم کە هەردەم پێشەنگە بووە لە بەسەر کردنەوەی یاریزانانی شارەکانی کوردستان بەبێ جیاوازی هیوادرام هەر لە سەرکەوتن دابێت.

## مارک هیوز:

# لیسکۆت لە تێری و فێردیناند زۆر باشترە

دوای ئەوەی یاریزانی پێشووی یانەی ئێڤەرتوون جۆلین لیسکوت بە بڕی (٢٢) ملیۆن جونیە چووە ریزی یانەی مانچستەر سیتی بۆ ماوەی (٥) وەرز، لە گۆنگریەکی رۆژنامەنووسیدا راهێنەری یانەی مانچستەر سیتی مارك هیوز دەربارەی یاریزانە تازەکەی گوتی: هەرچەندە یاریزانان جۆن تێری و ریوفێردیناند لە ریزی هەڵبژاردەی ئینگڵتەرە یاری دەکەن، بەڵام بە بۆچوونی خۆم یاریزان لیسکوت ئاستی لە هەردووکیان زۆر باشترە، هەروەها لیسکۆت باشترین یاریزانی هێڵی بەرگریە لە خولی ئینگڵتەرە و دەبێتە یەکێك لە باشترین یاریزانەکان لە ماوەی داهاتوودا.




# نیگریدۆ ٢٠ گۆڵ بۆ ئیشبیلە تۆمار دەکات!!




دوای ئەوەی یاریزانی یانەی ریال مەدرید ئەلڤارۆ نیگریدۆ بە فەرمی لە یانەی ریال مەدرید چووە ریزی یانەی ئیشبیلیەی ئیسپانی بۆ ئەوەی لە وەرزی ئەمساڵ لە ریزی ئەم یانەیە یاری بکات بەهۆی زۆری ئەستێرەکان لە یانەی ریال مەدرید جێگای نەبۆوە، لە یەکەم چاوپێکەوتنیدا یاریزانی تازەی یانەی ئیشبیلە ئەلڤارۆ نیگریدۆ لەگەڵ رۆژنامەی (ستادیۆ دیڤەرتیڤۆ) کە تایبەتە بە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی یانەی ئیشبیلیە نیگریدۆ گوتی: پەیمان بە هاندەرانی یانەی ئیشبیلیە دەدەم کە لە خولی ئیسپانیا (٢٠) گۆڵ تۆمار بکەم بۆ ئەوەی یارمەتی یانەکەم بدەم تاوەکو ئەنجامێکی باش بە دەست بێنێت.

هەر لە درێژەی چاوپێکەوتنەکەیدا نیگرێدۆ گوتی: هۆکاری چونم بۆ یانەی ئیشبیلیە بۆ ئەوە دەگەرێتەوە تاوەکو بتوانم لەگەڵ هەڵبژاردەی ئیسپانیا یاری بکەم.